گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/sygvwq37
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/02/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 12/05/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی

**سیروان جبار ئەمین[1] - ڕزگار عبدالله احمد[2]**
Rizgar.ahmed@soran.edu.iq Sirwan.zand@yaho.com
[1] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**
بێگومان ئەفسانە یەکێکە لە کۆنترین ژانرە ئەدەبییەکان و مێژوی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان و پێش دەرکەوتنی مێژو و نوسین، کە کۆگای زانیارییەکانی مرۆڤی بەراییە و ناوەرۆکێکی فرە ڕەهەند و دەوڵەمەندی هەیە، بەم هۆیەشەوە مرۆڤ لەو سەردەمەدا بۆ چارەسەری سەرجەم کێشە و گیروگرفتەکانی پەنای بۆ بردوە، بۆیە زۆربەی نوسەر و توێژەرانی بواری ئەفسانەناسی لای زۆربەی نەتەوە جیاوازەکان بەپێی گۆشەنیگا و ڕوانگە و تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان ئەفسانەیان بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێنکردوە.
ئەدەبی کوردیش هاوشێوەی ئەدەبی نەتەوەکانیتر خاوەنی کۆمەڵێک دەقی ئەفسانە و توێژینەوەی ئەفسانەناسییە، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە لێرەدا ئەوەیە، هەرچەندە قسەکردن و تیۆریزەکردنی پرسی ئەفسانە و پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا لەسەر بنەمای ئەفسانەناسیی جیهانی و نەتەوەکانیتر نەخراوەتەڕو، کە ئەمەش ڕەنگە تێگەیشتنێکی پراوپڕنەبێت بۆ ئەفسانەی کوردی، چونکە لە بەرانبەردا تائێستاش کۆمەڵە دەقێکی بێ مشتومڕی ئەفسانەی کوردی، کە هەموان لەسەری کۆک بن لەبەر دەستدا نییە، هەتا چوارچێوەی ئەفسانەناسیی کوردی لەسەر بنەمای ئەم دەقانە دەربهێنرێت و بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێنبکرێت بەمەش کەلێنێک لە ئەفسانەناسیی کوردیدا هاتوەتە ئاراوە، کە وەکو گرفتێکی سەرەکی لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردیدا بەرچاودەکەوێت.
بەدیکردنی چەندین کێشە و گیروگرفت لە پۆلێنە کوردییەکاندا وایکردوە؛ ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتیبێت لە: (خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی)، لەبەر ڕۆشنایی پۆلێنی نوسەر و توێژەران و شارەزایانی بواری ئەفسانەناسی و دابەشکاری جۆرەکانی ئەفسانە لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی بۆ پۆلێنی جۆرەکانی ئەفسانە بکرێت لە دو نامەی ماستەردا، کە وەکو کتێب بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کێشە و گیروگرفتی جۆرەکانی ئەم دو پۆلێنە.
**کلیلە وشەکان:** ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە، پۆلێن، دابەشکاری.

# A Critical Reading for Classifying the Types of Kurdish Myths

**Sirwan Jabar Amin[1] – Rizgar Abdulla Ahmed[2]**

[1] Kurdish Department, Faculty of Art, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran , Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Mythology is one of the oldest literary genres and its history dates back to the early stages and also is a repository of primitive human knowledge content, therefore many mythology researchers in many nations based on their comprehension, have categorized myths into various classifications.

Kurdish literature, like other nations, has a collection of mythological texts and studies of mythology. However, what makes Kurdish literature different is that, scholars have discussed and theorized about the question of myths and how to categorize the various types of myths but has not been revealed based on global mythology or other nations. This suggests that our understanding of Kurdish mythology may not be comprehensive, since there remains an undisputed collection of Kurdish myths that widely accepted. There is a gap in Kurdish mythology that is considered to be a serious issue in categorizing forms of Kurdish myths.

Finding numerous problems and challenges associated with categorizing the types of myths in Kurdish studies, led to do this research under the title of, (A Critical Reading for Classifying the Types of Kurdish Myths), which takes into account the division of myth types and the classification of researchers and experts in the field of mythology. Additionally, the study provides a critical evaluation of the classification of myths in two master theses that have been published as books, besides identifying problems and issues related to the types of these categories.

**Key words:** Mythology, Myths, First Research, Second Research, Types of Myths, Categories, Subdivisions.

## پێشەکی

دەوڵەمەندی ناوەرۆکەکەی و فرەڕەهەندی ئەفسانە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پۆلێنکردنی ئەفسانە بۆ چەند جۆرێکی جیاواز، لەم گۆشەنیگایەشەوە زۆربەی شارەزایان و توێژەرانی بواری ئەفسانەناسی هەوڵیانداوە بەپێی تێگەیشتن و ڕوانگە و بۆچونی تایبەتی خۆیان ئەفسانە بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێنبکەن، کە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە چەند پۆلێنێکی جیاوازی ئەفسانە بخرێتەڕو، لەگەڵ دابەشکارییەکی نوێ بۆ جۆرەکانی ئەفسانە لەسەر بنەمای پێناسە و تایبەتمەندی و ئەرکەکانی ئەفسانە.

هەرچەندە ئەفسانە لە ڕیزی یەکەمین ژانرە ئەدەبییەکاندایە و لە کایەی ئەکادیمی کوردیدا چەند توێژینەوەیەکی لەسەر کراوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ئەدەبی کوردیدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمان لەسەر پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانە نییە، وێڕای ئەوەی لە زۆربەی توێژینەوەکانی بواری ئەفسانەی کوردیدا تەوەرەیەک تایبەت کراوە بۆ جۆرەکانی ئەفسانە، بەڵام زۆربەی ئەو پۆلێنکاریانەی کە بۆ دابەشکاری جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی خراونەتەڕو کێشەیان هەیە، کە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت بە وردی ئاماژە بەو کێشە و گیروگرفتانە بکرێت، کە لەو پۆلێنانەدا بەدیدەکرێن.

- **گیروگرفتی توێژینەوەکە:** کێشەی سەرەکیی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەیە، کە ناوەکە هەیە، بەڵام ناولێنراوەکە بەئاسانی خۆنادابەدەستەوە یان ونە و بەردەست نییە، یاخود نەبونی پێناسەیەکی تێروتەسەل و تۆکمە و تەواو بۆ ژانری ئەفسانە کە سەرجەم مەرج و بنەماکانی پێناسەی تێدابێت، وایکردوە ببێتە خاوەنی ناسنامەیەکی ئاڵۆز و مەتەڵ ئاسا و هەر لێکۆڵەرە و بە جۆرێ وێنایبکات و بەرگێکی جیاوازی بەبەردابدروێت، چونکە مەرجی پێناسە ئەوەیە، دەبێت گشتگیر و هەمەلایەن بێت و هەر شتێک لەبارەی بابەتەکەوە هەبێ، بەبێ کەموکورتی بیخاتەڕو و هیچ شتێکی زیادەی تێکەڵ نەکات، واتە هەرچی پێویست بێت لەبارەی شتەکەوە گوتبێتی و شتێک نەمابێ باسی بکات و شتی ناپێویستیشی نەخاتەسەر، بەڵام ئەم تایبەتمەندییانە لە پێناسەکانی ئەفسانە لای زۆربەی توێژەرانی کورد بەدیناکرێت، هەر ئەم پێناسە ناتەواوانە وایانکردوە، ئەفسانە لەگەڵ چەند ژانرێکی دیکە وەکو جادو و داستان و چەندین بابەتی نائەدەبی دیکەی وەکو خورافە و سیحر و پڕوپوچ و فەلسەف و مێژو و هتد ... تیکەڵ بکرێت و وێنەی ئەفسانە بشێوێنرێت، کە ئەم ئاڵۆزییەش لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەدا ڕەنگیداوەتەوە و کێشەکەی قوڵترکردوەتەوە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردیدا چەندین جۆر ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵام ئەم جۆرانە لە هیچ کام لەو پۆلێنانەدا جێگەناگرن و بەدیناکرێن، کە توێژەر و شارەزایانی ناوچەیی و جیهانی بۆ جۆرەکانی ئەفسانە خستویاننەڕو.

لە لایەکی دیکەوە، مەرج نییە، بنیاد و پێکهاتەی ئەفسانە و ژانرە کۆنەکانیتر لای کورد چۆنە، لای نەتەوەکانی تریش بە هەمان شێوە بن، بەڵام بەشێک لە نوسەر و لیکۆڵەرانی بواری ئەفسانەی کوردی بەهەمان دیدگا و ڕوانگەی ئەفسانە لای نەتەوەکانی تر بۆ ئەفسانەی کوردییان ڕوانیوە، هەرچەندە ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا بەرامبەر بە ئُستورەی فارسییە و ئەفسانەی ئەوان شتێکیترە، کە ناکرێت ئەمانە بخرێنە چوارچێوەی یەک تیۆرەوە، چونکە بنچینەی دامەزراندن و پۆلێنکردنیان جیاوازە، بەڵام بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی بواری ئەفسانەی کوردی لە گۆشەنیگای ئەفسانەی فارسییەوە بۆ ئەفسانەی کوردیان ڕوانیوە، نەک ئُستورەکەیان، کە هاوتایە لەگەڵ ئەفسانەی کوردی.

سەرەڕای هەمو ئەمانەش، پشتبەستن بە سەرچاوەی جیاواز و زمانی جیاواز یەکێکی ترە لە هۆکارە سەرەکییەکانی تری سەرهەڵدانی کێشە و گیروگرفتەکانی بەردەم ئەفسانەی کوردی، ئەمانەی باسکران بەشێکن لە کێشە و گیروگرفتەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە، کە هەوڵی چارەسەرکردنیان دراوە.

- **ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە پیشاندان و خستنەڕوی ئەو کێشە و گیروگرفتانەیە، کە لە پۆلێنی جۆرەکانی ئەفسانەدا لەم دو توێژینەوەیە بە دیدەکرێت.

- **هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی لەم دو توێژینەوەیەدا ناتەبایی و ناتەواویی زۆریان لەخۆگرتوە، ئەمەش وای کردوە سەربکێشێ بۆ پیشاندانی چەندین جۆری نابەرجەستە و ناڕون و تەڵخ و شێواوی ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا، هۆکاری ئەم ئاڵۆزییەی جۆرەکانی ئەفسانەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی لەگەڵ ژانرە ئەدەبییەکانی تر و نەکێشانی هیچ سنورێکی جیاکەرەوە لە نێوان ژانری ئەفسانە و حکایەت و هتد ...

- **گرنگیی توێژینەوەکە:** بە پشتبەستن بە پۆلێنی جۆرەکانی ئەفسانە لای توێژەرانی ناوچەیی و جیهانی هەوڵدراوە کێشە و گیروگرفتی پۆلێنی جۆرەکانی ئەفسانە لەم دو توێژیەوەیەدا بخرێتە بەر باس و سەرچاوەی کێشە و گیروگرفتەکانیان دەستنیشان بکرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی دیاردەناسی بەستراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام، توێژینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتوە، تەوەری یەکەم تیۆرییە و لە چەمک و پێناسەی ئەفسانە دەدوێت، تەوەرەی دوەم بە شێوەیەکی تیۆری خستنەڕوی چەند پۆلێنێکی

جۆرەکانی ئەفسانەیە لەلایەن لێکۆڵەر و شارەزایانی ئەم بوارە، لەگەڵ دابەشکارییەکی تری جۆرەکانی ئەفسانە لەلایەن ئەم توێژینەوەیەوە، تەوەرەی سێیەم بە شێوەیەکی پراکتیکی دەستنیشانکردنی کێشە و گیروگرفتی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردییە لە دو نامەی ماستەردا، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا بە حەوت خاڵ ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕو لەگەڵ ئاماژەکردن بە لیستی ناوی سەرچاوەکان.

**تێبینی: کۆدی توێژینەوەکان بەم شێوەیەیە:**

١. توێژینەوەی یەکەم: حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

٢. توێژینەوەی دوەم: خۆشناو، فەرهاد عەزیز (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، هەولێر.

**تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی ئەفسانە**

ئەفسانە گوزارشتە لە ژیری و زیرەکی مرۆڤی بەرایی و بە یەکەمین دەرکەوتەی بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی دادەنرێت، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین مرۆڤی بەرایی لە ڕێگەی ئەفسانەوە قسەی لەسەر زۆربەی بابەتە جۆراوجۆرەکان و کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەدیهاتنی گەردون و مرۆڤ کردوە، کە ئەمەش وایکردوە لە زۆر دیدگا و ڕوانگە و پسپۆڕی جیاوازەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەفسانە بکرێت و پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێت.

لەم گۆشەنیگایەوە دەگوترێت: "پێناسەیەکی یەکانگیر بۆ ئەفسانە هەرگیز سەرناگرێت، چونکە ئەفسانە لە کۆمەڵە بابەتێک پێکهاتوە، کە لە ئاستی جیاجیادا کاردەکەن"(فرانتس کومن، ٢٠٠٨: ٧١) سەرەڕای ئەمەش لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانەناسی چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەفسانە خستوەتەڕو، کە هەندێکیان کۆک و هەندێکیان ناکۆکن لەگەڵ چییەتی ئەفسانە.

لێرەدا هەوڵدەدەین، پاش گەڕانەوە بۆ بنج و بنەوان و ناساندنی چەمکی ئەفسانە، چەند پێناسەیەکی کورتی ئەفسانە بخەینە ڕو. کە سەرەتا هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشەی چەمکی ئەفسانە لای یۆنانییەکان، چونکە بنچینەی ئەم زاراوەیە گریکییە و دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، (Myth) یان (Mythos) کە وشەی (Mythos) بە واتای (قسەی گوتراو) دێت، بەڵام لێرە قسە بەواتا هەمو ئەو قسانە نایەت، کە لەدەم دەردەچن، بەڵکو بە مانای ئەو قسانە دێت، کە گوزارشتن لە سەربوردەی خوداکان(د. نەبیلە ئیبراهیم، ١٩٧٩: ٦) وەکو تەواوکەری ئەم بۆچونە ڕایەکی تر هەیە پێیوایە، چەمکی ئەفسانە سەرچاوەکەی وشەی (muthas)ی گریکییە و بە مانای چیرۆک یان گێڕانەوە دێت، کە لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و زمانە ڕۆژئاواییەکانیتریشدا هەر هەمان ڕەگ و ڕیشەی هەیە و دەیگێڕنەوە بۆ هەمان وشە(فراس السواح، ١٩٩٨: ٥٦)

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەگوترێت: "وشەی (اسطورة)ی عەرەبی، کە بە مانای (ئەفسانە)یە، لە چەمکی (Istoria)ی، یۆنانییەوە هاتوە، ئەم چەمکەش، واتە (Istoria) ڕیشەی وشەی (History)ی زمانی ئینگلیزییە، کە بەمانای مێژو دێت، واتە چەمکی مێژو لە چەمکی ئەفسانەوە هاتوە، یان دەکرێت بڵێین هەردوکیان خاوەنی هەمان ڕیشەن، هەردوکیان لە بنەڕەتدا هەر یەکن"(خوسرەو میراودەلی، ٢٠١٦: ١٢٢)

پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی خرانەڕو ڕایەکیتر هەیە پێیوایە، کە چەمکی ئەفسانە لە زمانی کوردی و زمانە خۆرهەڵاتییەکانی دیکەدا ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە و دەکرێت زمانە ڕۆژئاواییەکان لە ئەمانیان وەرگرتبێت، کە لەم بارەوە دەڵێت: "دەشێ وشەی Mythی ئینگلیزی لە وشەی ئاڤێستایی میثە ... وەرگیرابێت"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٤) چونکە ئەو

پێیوایە ئەو چەمکە لە ناو ئاڤێستادا هەیە و ئاڤێستاش مێژویەکی کۆنتری هەیە، بۆیە "وشەی میثی ئاڤێستایی و مێتی پەهلەوی دزەی کردوەتە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە و لەلایەن ئەوانەوە بە شێوەی Myth بەکارهاتوە"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٤) لە (فەرهەنگی ئاڤێستایی)دا دەربارەی وشەی (میثە) چەند مانایەک دیاریکراوە، کە ئەمانەن: "درۆ، بێسود، بێهودە"(بهرام فروشی، ١٣٤٦: ١١٢١)

دەربارەی چەمک و زاراوەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا دەگوترێت: "ئەفسانە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا بەواتای چیرۆک، ڕاز، سەرگوزەشت، دیرۆک و قسەی پوچ هاتوە"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٣) هەر وەکو فەرهەنگی زانکۆی کوردستان بەم شێوەیە لە بارەی وشەی ئەفسانە دواوە و دەڵێت: "دیرۆک، چیرۆک، ڕوداوی خەیاڵی، شتێ کە نەبوە و بە خەیاڵ دروستکراوە، ڕوداوێکی ناڕاست کە ناکرێ و نەکراوە، چیڤانۆک، ئەفسانە، اساطیر"(محمد ماجد مردوخی، ١٣٩٢: ٢١٦) دەگەیەنێت.

هەروەها لە (فەرهەنگی مەردۆخ)دا، ئەفسانە بەواتای "ڕاز، دەسان، سەرگوزەشت، چیرۆک"(محمد مردوخی کوردستانی، ١٣٨٨: ٤٩) هاتوە. فەرهەنگی قاموسی زمانی کوردیش بەم شێوەیە گوزارشتی لە ئەفسانە کردوە "چیرۆکێکی ڕوداوی کۆنی وا بگێڕدرێتەوە، نەچێتە مێشکەوە و ئاقڵ نەیگرێ، حەکایەت، داستان، نەقڵ، ڕاز، هەقایەت، قسەی ناڕاست، قسەیەک بە مەبەستی خەڵەتاندن بکرێ"(عەبدوڕەحمانی زەبیحی، ١٣٦٧: ١٥٩)

سەرەڕای ئەو مانا و لێکدانەوە جیاوازانەی بۆ چەمکی ئەفسانە خرانەڕو لە فەرهەنگە کوردییەکاندا هاوڕا و کۆکین لەگەڵ ئەو بۆچونە و تێگەیشتنەی کە دەڵێت: پێویستە گۆشەنیگای"کورد بۆ ئەفسانە جیاوازبێت لەم تێڕوانینە (کە ئەفسانە بە بابەتێکی پڕوپوچ دەناسێنن)، چونکە بەشێکی گرنگ لە مێژو و کولتور و شارستانییەتی میللەتی کورد لە ناو دەقە ئەفسانەییەکاندا پارێزراون و دەبێ وەکو کەرەسەیەکی خاو سودیان لێوەربگیرێ"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٥) کەواتە ئەفسانەی ڕەسەن بەلای ئێمەوە بابەتێکی پڕوپوچ و خورافی نییە، بەڵکو بەشێکی گوزارشتە لە واقع و مێژوی میللەتی کورد لە قۆناغە بەراییەکاندا، کە بابەتەکانی کلتور و شارستانیەت و ناسنامەی میللەتی کورد تێیاندا پارێزراوە.

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت: "ئەم دەقە ئەفسانەییانە پیرۆزن، چونکە باسی سەربوردەیەکی پیرۆزمان بۆ دەگێڕنەوە، لێرەدا دەبێ پشت بەو پێناسانە ببەسترێ، کە ئەفسانە بە بابەتێکی پیرۆز دادەنێن و بەپێی ئەو ڕێبازانە لە ئەفسانەی میللەتەکەمان بکۆڵینەوە، کە ئەفسانە بە بابەتێکی پڕوپوچ و کەم بایەخ دانانێ(ن)"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٥) بۆیە پێویستە ئەو بۆچونە باوەی ناو کۆمەڵگەی کوردی ڕاستبکرێتەوە و وا نەزانرێت کاتێک "دەڵێین ئەمە ئەفسانەیە، مەبەستمان ئەوەیە کە لە پیرۆزیی ئەو شتە بدەین"(ئارام حاجی، هاوژینی مەلائەمین، ٢٠١٥: ١٣٣) چونکە ئەفسانە بابەتێکی پڕوپوچ و بێ کەڵک نییە و چەندین لایەنی گرنگ و جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە بە لەدەستدانیان هیچ زانیارییەکمان نامێنێت دەربارەی قۆناغە سەرەتاییەکان و ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی لەو سەردەمانەدا لە ئارادابون وەکو بیروباوەڕی ئایینی و ناسنامەی نەتەوەیی و مێژویی و ئەدەبیات و بابەتە زانستییەکان و هتد...

لەم گۆشە نیگایەوە میرچا ئیلیادە چەندین سەرنج و تێبینی لەسەر پێناسەکانی ئەفسانە هەبوە و ڕەخنەی توندی لێگرتون، بۆیە هەوڵیداوە لە ڕێگەی داڕشتنەوەی پێناسەیەکی نوێ بۆ ئەفسانە بە جیهانی ڕاستەقینەی ئەفسانە ئاشنامان بکاتەوە، کە بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانەی کردوە و دەڵێت: "ئەفسانە سەربوردەیەکی پیرۆز و ئاسمانی دەگێڕێتەوە، پیشاندەری ڕوداوێکە کە لە زەمەنی دەسپێک، زەمەنی پڕنهێنیی سەرەتای هەمو شتێک ڕویداوە"(میرچاالیادە، ١٣٩٠: ١٤) ئیلیادە لە ڕێگەی پێناسەکەی خۆیەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆربەی پێناسەکانی ئەفسانەی پێش خۆی ڕەتکردەوە، چونکە

لە ڕوانگەی ئیلیادەوە ئەوەی بۆ ئەفسانە بوە بە تایبەتمەندی و پێی دەناسرێتەوە پیرۆزی و وابەستەبونە بە ئاسمانەوە لەگەڵ کاتی بنیادنان و پەیدابونی ئەفسانەکان، کە مێژوەکەی بۆ قۆناغەکانی سەرەتای بون دەگەڕێتەوە.

ئەلکساندەر کراپ لێکۆڵەرێکی دیکەی بواری ئەفسانەناسیە و بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانە دەکات و دەڵێت: "ئەفسانە، گێڕانەوە یان چیرۆکێکە، کە خواوەندەکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن"(گئورگی میلیکشیویلی، ١٣٨٧: ١٣) ئەوەی لەم پێناسەیەدا گرنگە و جێگای بایەخە ئەوەیە، ئەفسانە بەو ڕوداوانەوە پەیوەست دەکات،کە خوداوەندەکان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، کە ئەمەش دەبێتە پێوەرێکی ورد بۆ جیاکردنەوەی ئەفسانە لە بابەت و ژانرە ئەدەبییەکانیتر، چونکە بەپێی ئەم پێناسەیە مرۆڤ و بونەوەرەکانیتر ناتوانن لە ئەفسانەدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

ئەم ڕۆڵ بینینەی خوداکان لە ئەفسانەدا سەردەکێشێت بۆ ئەوەی خەڵکی بە چاوێکی پیرۆزەوە لە ئەفسانە بڕوانن، چونکە "کاتێک خواوەندان لە بەسەرهاتێکدا ڕۆڵببینن ئەم بەسەرهاتانە بە بەسەرهاتی پیرۆز دادەنرێن، هەر لەم ڕوانگەیەوە بێگومان لەلایەن خەڵکییەوە بەرز و پیرۆز ڕادەگیرێن. بەتایبەتی ئەگەر باسی ئەفراندنی گەردون و سەرجەم گیاندار و بێگیانەکان لەلایەن خواوەندەکانەوە لەئارادابێت"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ١٦) کەواتە ڕۆڵ بینی خوداوەندەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەفسانە و ئەو بابەتانەشی کە لە پاڵ ئەواندا دەخرێتەڕو وەکو خوڵقاندنی دونیا و مرۆڤ و بونەوەران هەم پیرۆز سەیردەکرێن و هەمیش لە بابەتەکانی تر جیایی دەکاتەوە.

فۆرم و ڕوخسار یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ئەفسانە دەکات بە دەقێکی ئەدەبی، بۆیە هاوکاتی ناوەرۆک و کارەکتەرەکان لە پێناسەکانی ئەفسانەدا گرنگی پێدراوە و بە چاوێکی پڕ بایەخەوە لێی ڕوانراوە، لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە پێناسەکانی ئەفسانە بەم شێوەیە باسی شێوازی خستەنەڕو و ناوەرۆک و پاڵەوان و فۆرم و ڕوخساری ئەفسانە دەکات و دەڵێت: "ئەفسانە مێژویەکی ... پیرۆزە، بە شێوەی گێڕانەوەیەکی شیعرییە و پاڵەوانەکەی خوداوەند یان بونەوەرێکی خوداوەندییە، بە زۆری باسی بابەتە گەورەکانی وەکو دروستکردنی جیهان و ڕیشەی شتەکانی تر و مردن دەکات، خاوەنی پیرۆزی و هێزێکی گەورەیە لە دەمی خۆیدا. نوسەرەکەی دیارنییە، چونکە بەرهەمی خەیاڵێکی بەکۆمەڵە نەک، تاکە کەس، سیمایەی جیاکەرەوەشی دەوڵەمەندی لایەنی ڕۆحییە"(خزعل الماجدی، ٢٠١٠: ٤٧) ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخە و پێویستە لەسەری بوەستین ئەوەیە، لەم پێناسەیەدا هاوکاتی ئەوەی ئەفسانە وەک مێژویەکی پیرۆز و خاوەنی هێزێکی ڕوحی وەسفکراوە، خوداوەندی بە پاڵەوانی ئەفسانە ناساندوە، ئەوەشی فەرامۆش نەکردوە، کە بەرهەمی خەیاڵی بەکۆمەڵە و نوسەرەکەی دیارنییە و لە قاڵبێکی شیعریدا خراوەتەڕو، ئەمەش گوزارشتە لەوەی ئەفسانە ناوەرۆکەکەی هەر چییەک بێت، دەق و ژانرێکی ئەدەبییە، چونکە هەم بەرهەمی خەیاڵە و هەمیش لە قاڵبێکی شیعریدا داڕێژراوە.

لەلایەکی تریشەوە پێناسەیەک سیمای زارەکی بە ئەفسانە دەبەخشێت و بەم شێوەیە گوزارشت لە بابەتەکە دەکات و دەڵێت: "ئەفسانە گێڕانەوەیەکی پیرۆزی تەقلیدییە، بەو مانایەی بە گێڕانەوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی دی، ئەمەش ئەفسانە دەکات بە یادەوەری کۆمەڵ یاخود یادەوەری گروپ، کە بەها و نەریت و سروت و حیکمەتەکانی ئەو کۆمەڵە دەپارێزێت و دەیگوازێتەوە بۆ نەوە یەک لە دوای یەکەکان و هێزی کۆنترۆڵکردنی دەرونەکان دەستەبەر دەکات"(فراس السواح، ٢٠٢١: ٢٥) ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەفسانە بابەتێکی پیرۆزە، هاوکاتی ئەمە پێی وایە سیمایەکی دیاری ئەفسانە گێڕانەوەی زارەکییە، چونکە لەم بارەوە دەگوترێت: ئەوە بوە بە نەریت، کە دەقی ئەفسانەیی بە فۆرمی شیعری بخرێتەڕو، تا ئاسان بێت بۆ گوتنەوە و گواستنەوەی و دەستاودەستکردنی بە شێوەیەکی زارەکی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا(فیراس ئەلسەواح، ٢٠٢٢: ٨٣) کەواتە یادەوەری کۆمەڵگە خاوەنداریەتی دەکات، نەک تاکە کەسێک. هەر ئەمەش وادەکات ئەفسانە لە ژانرە

ئەدەبییەکان تر جیابکاتەوە و بە پارێزەری دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و سروت و حیکمەتەکانی کۆمەڵگە بناسرێت و دەرونی مرۆڤەکان کۆنترۆڵ بکات و نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی چەند پێناسانەیەکی جیاواز لە ڕوانگەی توێژەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەفسانە بۆ ئەفسانە خرانە ڕو، بەڵام تێکڕای ئەو پێناسانە زۆربەی بنەما هەمەکییەکانی ئەفسانەیان پشتگوێ خستوە و (مانع و جمع) و گشتگیر و هەمەلایەن نین، وێڕای ئەوەش هەر یەک لەو پێناسانە لایەنێک یان چەند لایەنێکی گرنگی ئەفسانەیان ناساندوە، بەڵام بە تەواوەتی چییەتی ئەفسانەیان نەخستوەتەڕو.

سنورداری ئەم توێژینەوەیە دەرفەتی ئەوەی پێنەداین قسە لەسەر کێشە و گرفتی یەک بە یەکی پێناسەکان بکەین. لەلایەکی تریشەوە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی پێناسەکانی ئەفسانە ناکۆکە لەگەڵ ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لێرەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بە سودوەرگرتن لە پێناسەکانی سەرەوە و لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی پێناسەدا هەوڵدەدەین پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنتر بخەینەڕو، کە گوزارشتبێت لە چیەتی ئەفسانە و لە ڕێگەیەوە زۆربەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەفسانە بناسێنرێت و پێی لە ژانرەئەدەبی و بابەتەکانی تر جیابکرێتەوە.

کەواتە ئەفسانەی ڕەسەن بابەتێکی پڕوپوچ و خورافە و درۆ و دەلەسە نییە و بۆکات بەسەربردن و چێژوەرگرتن نەهۆنراوەتەوە، بەڵکو ئەفسانە: ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە[1] و بە زمانێکی ڕەمزی و بە شێوازێکی هونەری لە قاڵبێکی شیعریدا دارێژراوە و خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیادنانیدا دەگێڕێت، کە بەشێکی زۆر لە کلتور و مێژو و شارستانییەت و دابونەریتی مرۆڤی قۆناغە سەرەتاییەکانی سەردەمی فرەخوداوەندی پاراستوە و دەربارەی ڕوداو و بەسەرهات و مێژو و بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانی ئەو قۆناغە دەدوێت و پاڵەوانەکانی خودا و نیوە خوداکانن و لەوکار و کردەوانەی خوداکان دەدوێت، کە باسی چۆنیەتی بەدیهاتنی گەردون و مرۆڤ و بونەوەر و شتەکان دەکات و پەردە لەسەر چۆنیەتی ڕودانی دیاردەسروشتییەکانی و نهێنی قۆناغە سەرەتاییەکان هەڵدەداتەوە و بەرهەمی خەیاڵی بە کۆمەڵە و نوسەرەکەی دیارنییە و خاوەنەکەی کۆمەڵگەیە، بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت بۆ دۆزینەوەی بابەتە ونبو و شاراوەکان سود لە ئەفسانە وەربگیرێت و وەکو تاکە سەرچاوەی ئەو قۆناغە پەنهان و نادیارە سەیربکرێت.

**تەوەرەی دوەم: جۆرەکانی ئەفسانە**

فرەڕەهەندی و زۆری ئەو بابەتانەی ئەفسانە جۆراوجۆرەکان لەخۆی دەگرن و لێیان دەدوێن، هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەر لێکۆڵەرێکی بواری ئەفسانەناسی دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێت ئەفسانە بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێنبکات، لەم گۆشەنیگایەوە هەوڵدەدەین جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕوانگەی چەند لێکۆڵەرێکی بواری ئەفسانەناسی بخەینەڕو.

میرچا ئیلیادە لێکۆلەری فەڕەنسی کە ناوێکی دیاری بواری ئەفسانەناسییە بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک هێما و ئەفسانە و ڕێوڕەسمی کۆنی نەتەوە جیاوازەکان بەپێی دونیابینی و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی چوار جۆر ئەفسانەی باسکردوە، کە ئەمانەن:

١. ئەفسانەی بنەچە و خوڵقاندنی گەردون.

٢. ئەفسانەی نۆژەنکردنەوەی جیهان.

٣. ئەفسانەی دوا ڕۆژ.

٤. ئەفسانەی یادەوەری.(میرچا الیادە، ١٣٩٠: ٣١-٤٧-٦١-١١٩)

(دکتۆر کریستوفر دەبلیو بلاکوێل) پڕۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی (فامان)ی یۆنانی لەگەڵ (ئیمی هاکنی بلاکوێل) بەبێ ئەوەی ئاماژە بە بنەمای کارەکەیان بکەن، ئەفسانەیان بۆ دە جۆری جیاواز پۆلێنکردوە،کە ئەمانەن:

١. ئەفسانەی خوڵقاندن.
٢. ئەفسانەی (Cosmogeny - کۆسمۆجینی).[٢]
٣. ئەفسانەی بنەچەی مرۆڤایەتی.
٤. ئەفسانەی لافاو.
٥. ئەفسانەی نەخۆشی و مردن.
٦. ئەفسانەی ژیانی دوای مردن.
٧. ئەفسانەی بونەوەرە سەرو سروشتییەکان.
٨. ئەفسانەی کۆتایی جیهان.
٩. ئەفسانەی بەرەبەیانی شارستانییەت.
١٠. ئەفسانەی بنەچە.(Dr. Christopher W. Blackwell - Amy Hackney Blackwell, 2002: 15 – 13)

(تۆماس بولفینچ) نوسەر و لیکۆڵەرێکی ئەمریکییە و خاوەنی چەند کتێبێکە لە بواری ئەفسانەناسیدا، دو لەوانە بریتین لە: (سەردەمی ئەفسانە – ئەفسانەی شارلمان- ئەفسانەی یۆنان و ڕۆما)، کە لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەدا ئەفسانەی بۆ چوار جۆری جیاواز پۆلێنکردوە، کە ئەمانەن:

١. ئەفسانەی ئایینی.
٢. ئەفسانەی مێژویی.
٣. ئەفسانەی میتافۆرِ (المجازیة)
٤. ئەفسانەی دیاردەسروشتییەکان.(د. عبدالله خضر حمد، ؟: ٧٩)

(چارلس لۆنگ)یش توێژەر و ئەفسانە ناسێکی تری دیاری ئەمریکییە لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا: (ئەفسانەکانی خوڵقاندن)، لەسەر بنەمای ڕوداوە گەردونییەکان و ساتەوەختە گرنگەکان ئەفسانەی بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێن کردوە، بەم شێوەیە:

١. ئەفسانەی گەردونی.
٢. ئەفسانەی قەیرانەکانی ژیان.
٣. ئەفسانەی ڕاوکردن و کشتوکاڵ.
٤. ئەفسانەی کەسایەتی نائاسایی.
٥. ئەفسانەی ئەرکی کۆمەڵایەتی.
٦. ئەفسانەی ڕامان و بیرکردنەوە.(چارلس لۆنگ، ٢٦٥: ٩٨ – ١٠٢)

نوسەر و لێکۆڵەری و ئەفسانە ناسی میسریی دکتۆرە (نەبیلە ئیبراهیم) باسی چەند هۆکارێکی کردوە، کە بونە مایەی لەناوچونی دەقی ئەفسانەیی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە پێی وایە زەحمەتە بتوانرێت لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەقێکی ئەفسانەیی ڕەسەن دەستبکەوێت و نەشێوێنرابێت و وەک خۆی مابێتەوە، سەرەڕای ئەوەش بە پشت بەستن بە چەند دەقێکی ئەفسانەیی کە بەشێکیان میصرین، ئەفسانەی بۆ پێنج جۆری جیاواز پۆلێنکردوە، کە ئەمانەن:

١. ئەفسانەی سروشتی.
٢. ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئایینییەکان.

٣. ئەفسانەی شیکاری.

٤. ئەفسانەی هێماکاری.

٥. ئەفسانەی قارەمانی خوداوەندەکان.(د. نبیلة ابراهیم، ١٩٧٤: ١٥-٢٢)

(دکتۆر ئەحمەد کەمال زەکی) کە لێکۆڵەر و نوسەرێکی تری میسرییە دەڵێت: پێویستە لە سەر بنەمای جۆر ئەفسانەکان دابەشبکرێن، نەک سروشت و ناوەرۆک، لەم گۆشەنیگایەوە ئەم پێنج جۆرەی ئەفسانەی دەستنیشان کردوە:

١. ئەفسانەی ڕێوڕەسمەکان.

٢. ئەفسانەی مێژویی.

٣. ئەفسانەی ڕەمزی.

٤. ئەفسانەی خوداوەندە سەرەکییەکان

٥. ئەفسانە خورافییەکان.(د. احمد کمال زکی، ١٩٨٢: ٤٨ - ٤٩)

(خزعل الماجدی) کە توێژەرێکی دیاری عێراقییە، ئەفسانە جیهانییەکانی لەسەر بنەمای گروپی هاوبەش پۆلێنکردوە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی جیاواز بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەری جوگرافی و مێژویی و ئەنترۆپۆلۆژی و زمانەوانی، دواتریش لە سەر بنەمای چۆنایەتی هەمو ئەفسانەکانی لەم چوار جۆرەدا جێگیر کردوە:

١. ئەفسانەی خوڵقاندن.

٢. ئەفسانەی بنیادنانەوە و ڕێکخستن.

٣. ئەفسانەی وێرانکاری.

٤. ئەفسانەی مردن و لە ناوچون.(خزعل الماجدی، ٢٠١٠: ٥٧)

(د. محمد عەجینة) شاعیر و لێکۆڵەرێکی تری عێراقییە، ئەوەی ڕونکردوەتەوە، کە لەسەر بنەمای دەقی ئەفسانەیی عەرەبی بە تایبەتی و دەقی ئەفسانەیی هەمو نەتەوەجیاوازەکان بە گشتی پۆلێنەکەی خۆی بەم شێوەیە: ئەنجامداوە

١. ئەفسانەی خوڵقاندن.

٢. ئەفسانەی گەردونی.

٣. ئەفسانەی گیانداران.

٤. ئەفسانەی دیاردە سروشتییەکان.(محمد عجینة، ١٩٩٤: ١١٥-٣٤٠)

شاعیر و لێکۆڵەری کورد (کامەران موکری) لە چوارچێوەی کتێبی (ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی)دا، بە پشت بەستن بە چەند نمونەیەکی دەقی ئەفسانەیی ناوچەیی و جیهانی و ئەو ناوەرۆکەی، کە لێی دواون، ئەفسانەی بۆ چوار جۆری جیاواز پۆلێنکردوە،کە ئەمانەن:

١. ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئایینییەکان.

٢. ئەفسانەی گەردونی.

٣. ئەفسانەی هێمایی.

٤. ئەفسانەی قارەمانی خوداوەند.(کامەران موکری، ١٩٨٤: ٤١-٤٤)

سەرەڕای ئەوەی تێکڕای ئەو دابەشکاریانەی خستمانەڕو لەلایەن لێکۆڵەر و شارەزایانی بواری ئەفسانەناسییەوە ئەنجامدراون، کە دابەشکاری هیچ کامێکیان دەقاودەق هاوشێوەی یەکێکی تریان نییە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی هەر لێکۆڵەرە و بەپێی زانیاری و دنیابینی خۆی بۆ ئەفسانەی ڕوانیوە و پۆلێنیکردوە.

ئێمەش لە بەر ڕۆشنایی ئەرک و تایبەتمەندی و پێناسە و پۆلێنکاری جۆرەکانی ئەفسانە، گەیشتوین بەو باوەڕەی، کە پێشنیازی پۆلێنکارییەکی نوێبکەین، کە باوترین جۆرەکانی ئەفسانە لەخۆبگرێت و زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەم بوارە هاوڕاو و کۆکبن لەسەری:

١. ئەفسانەی خوڵقاندن.

٢. ئەفسانەی دوارۆژ.

٣. ئەفسانەی دابونەریت و بۆنە ئایینی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

٤. ئەفسانەی شیکاری دیاردە سروشتییەکان.

٥. ئەفسانەی ڕوداوە مێژوییەکان.

٦. ئەفسانەی ڕەمزی.

هەرچەندە ئەم پۆلێنکارییەی ئێمەش جێگای گفتوگۆیە لای بەشێک لە توێژەران، بەڵام ئەوەی ئەم پۆلێنە جیادەکاتەوە لە پۆلێنەکانی پێشتر، ئەوەیە لە سەر بنەمای پێناسە و تایبەتمەندیی و ناوەرۆک و ئەرک و جۆرەکانی ئەفسانە پێشنیاز کراوە، کە بەم هۆیەشەوە ئەم جۆرانە زیاتر لەگەڵ دەقە ئەفسانەییەکان کۆک و تەبان.

**تەوەری سێیەم: کێشەی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانە**

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لە بواری ئەفسانەناسی کوردیدا ئەنجامدراون بایەخیان بە پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانە داوە و تەوەرەیەکیان بەم بابەتە تایبەت کردوە. بۆیە هەردو توێژینەوەی یەکەم و دوەم بەپێی تێگەیشتن و زانیاری و ڕوانگەی تایبەتی خۆیان ئەفسانەیان بۆ چەند جۆرێکی جیاواز پۆلێنکردوە، بەڵام ئەم پۆلێنانە گرفتیان هەیە، چونکە بەشێک لەو جۆرانەی، کە دەستنیشان کراون، لەگەڵ تایبەتمەندی و ئەرک و ناوەرۆکی دەقی ئەفسانەیی ناگونجێن. چونکە بەشێکیان گرفت لە ناونیشانەکەیاندایە و بەشێکی تریان کێشە لە ناوەرۆکەیاندایە و هەندێکیشیان هەم ناونیشان و هەم ناوەرۆکەکەیان کێشەی هەیە و ناکۆکە لەگەڵ دەقە ئەفسانەییەکان. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پۆلێنکاریانەی بۆ جۆرەکانی ئەفسانە خراونەتەڕو لەگەڵ پۆلێنکارییەکەی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ دابەشکاری جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی بکرێت لە هەردو توێژینەوەکەدا.

**کێشەی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی لە (توێژینەوەی یەکەم)دا**

جیاکردنەوەی ئەفسانەی کوردی و خستنەڕوی پۆلێنکارییەکی تایبەت بۆ جۆرەکانی، یەکێکە لەو گرفتە سەرەکیانەی کە بەرۆکی دابەشکارییەکەی ئەم توێژینەوەیەی گرتوە، توێژینەوەی یەکەم لە ڕوانگە و گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە ئەفسانی کوردی بۆ نۆ جۆری جیاواز پۆلێنکردوە، کە لێرەدا هەوڵدەدرێت لەسەر بنەمای پۆلێنکارییەکانی سەرەتا و ئەو جۆرانەی ئەفسانە کە ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانی کردون، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

سەرەتا و دەستپێکی ئەم بابەتە دەربارەی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی دەڵێت: "ئەفسانەی کوردی ئەفسانەیەکی یەکجار دەوڵەمەند و کۆنە، هەر ئەم دەوڵەمەندی و کۆنییەشە بوەتە هۆی ئەوەی زۆر جۆرە ئەفسانە لە نێو ئەفسانەی کوردیدا کۆببێتەوە، بێگومان هەوڵدانمان بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی بێ کەموکورتی نابێ، چونکە تەواوی دەقەکان، دەقی هەمو زاراوەکانی کوردستان و هی هەمو سەردەمەکان کۆ نەکراوەتەوە و ئەوەش، کە کۆکراوەتەوە دیارە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، لەگەڵ ئەو کەمییەشدا هەمو: واتە هەمو ئەفسانە بڵاوکراوەکان دەست من نەکەوتون. بۆیە ئەو هەوڵەی لێرەدا دەیدەین بۆ خۆی هەنگاوێکە و دەکرێ هەنگاوی تری لە دوا بێت"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٨) دەربارەی بنەماکانی دابەشکردنی ئەفسانەی کوردی دەڵێت: "دابەشکردن و دیاریکردنی جۆری ئەفسانەی کوردی،

تەنیا بە پشکنین و وردبونەوەی بەبەرنامە لە دەقە ئەفسانەییەکان هەمو ناوچەکانی کوردستان دەتوانین لە دیاریکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی نزیک بکەوینەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی، هەرچەندە هاوبەشییەکی زۆر لە نێوان ئەفسانەکانی هەیە، بەڵام دیسان هەر نەتەوە و هۆز و ئایینێک خاوەنی ئەفسانەی خۆیەتی، کە جیایە لە هی نەتەوە و هۆز و ئایینێکی تر وەک زمان و ڕەنگورو"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٣) هەرچەندە زۆربەی ئەفسانەکان لە هەندێ بابەتی لاوەکیدا لە یەکتری جیاوازن، بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوازیانەش لە هێڵەگشتییەکاندا هاوبەشن، بۆیە دابەشکردنی جۆرەکانی ئەفسانە لەسەر بنەمای ئایین و هۆز و نەتەوەی جیاواز کارێکی زۆر پێویست نییە، ئەگەر جیاوازییەکە زۆر نەبێت، چونکە ناوەرۆک و تەوەرەی سەرەکی و باسوخواسی ئەفسانەی زۆربەی گەلانی جیهان یەک شتە و لە ئافراندنی گەردون و مرۆڤ و بونەوەر و شیکاری دیاردە سروشتییەکان و... هتد دەدوێن.

دەربارەی ئەو سەرچاوانەی پشتی پێبەستون بۆ پۆلێنکردنی ئەفسانەی کوردی دەڵێت: "هەوڵ دەدەین جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی دیاری بکەین، لەو هەوڵەشماندا پشت بە دو خاڵ دەبەستین: یەکەم: ئەو لێکۆڵینەوە و نوسینانەی لە بارەی ئەفسانەی جیهانی و خۆماڵییەوە نوسراون . دوەم: ئەو دەقە ئەفسانە کوردییە هەمەجۆرانەی تا ئێستا دەست من کەوتون و خوێندومنەتەوە"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٨) پشت بەستن بەم سەرچاوە هەمەچەشنانە کارێکی باشە و بەرچاوڕونی زیاتر بە توێژینەوەکە دەدات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە، کە پێشتر ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، جۆرەکانی ئەفسانەی هەر ئاین و هۆز و نەتەوەیەک جیاوازن، کەوابێت پشتبەستن بە سەرچاوەی دەرەکی و ئەفسانەی جیهانی بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی زۆر خزمەت بە بابەتەکە ناکات و پێچەوانەی ڕوانگە و تێگەیشتنی خۆیەتی، کە پێشتر لەبارەیەوە دواوە.

ئەم توێژینەوەیە ئەفسانەی کوردی بۆ نۆ جۆری جیاواز پۆلێن کردوە بەم شێوەیە:

(ئەفسانەی خواوەندەکان - اسطورە) وەکو یەکەمین جۆری ئەفسانەی کوردی دەستنیشان کردوە، کە لەم بارەوە دەڵێت: "ئەم جۆرە ئەفسانەیە، ئەفسانەیەکی یەکجار کۆنە و هی ئەو سەردەمانەیە کە خواوەندەکان، چ هەر خۆیان چ لەگەڵ فریشتە و پەری و دێو و مرۆڤی نیوەخواوەند و مرۆڤی ئاسایی ڕۆڵی تێدا دەبینن"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٩) بێجگە لە پۆلێنەکەی (دکتۆر ئەحمەد کەمال زەکی)، ئەم جۆرەی ئەفسانە ناچێتە خانەی هیچ کام لە پۆلێنەکانی ئەفسانەوە، وێڕای ئەوەش لە ڕوی ناوەڕۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە لێرەدا پێویست نییە باسی ڕۆڵگێڕانی فریشتە و دێو و مرۆڤی ئاسایی بکرێت، لەبەر ئەوەی تایبەتە بە خوداوەندەکان، لە لایەکی تریشەوە تایبەتکردنی تەنها جۆرێکی ئەفسانە بە خوداکان کێشەیە، لەبەرئەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی ئەوکات بە ئەفسانە هەژمار دەکرێت، کە خوداکانی تێدابێت و ئەوان ڕۆڵی سەرەکی تێدا بگێڕن، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تێکڕای ئەفسانەکان ئەوەیە، کە خوداوەند و نیوە خوداوەندەکان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، بۆیە ناکرێت و ناگونجێت تەنها یەک جۆری ئەفسانە تایبەت بێت بە خوداوەندەکان، لەلایەکی تریشەوە زاراوەی (اسطورە) گشتییە و هەمو جۆرەکانی ئەفسانە لەخۆدەگرێت، نەک جۆرێکی جیاواز و سەربەخۆ بێت.

جۆری دوەمی ئەفسانەی کوردی بە (ئەفسانەی پاڵەوانێتی) ناوبردوە، کە لەم ڕووەوە دەڵێت: "ئەو جۆرە ئەفسانەیەیە کە زۆرتر پاڵەوانێتی و ئازایەتی پاڵەوان و کردەوە پاڵەوانییەکانی پاڵەوان دیاری دەکات و بە شێوەیەکی (مێژانی حەماسی) باسی پاڵەوان و کارە ئەفسانەییەکانی دەکات"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٩) ئەم جۆرەی ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکیشەوە کێشەی هەیە، چونکە ناوەرۆکی تێکڕای ئەفسانەکان هەرچییەک بێت خوداوەندەکان وەک پاڵەوان تێیدا

دەردەکەون، نەک ئەوەی تەنها بەشێک لە ئەفسانەکان تایبەت بن بە ئازایەتی و کارەکتەری سەرەکی ئەفسانەکان، کە خوداوەند و نیوەخوداوەند وەک پاڵەوان تێیاندا دەرکەون.
وێڕای ئەوەش ئەم جۆرەیان زیاتر لە داستانەوە نزیکە، بەڵام هیچ ڕونکردنەوەیەکی لەسەر ئەم بابەتە نەخستوەتەڕو و ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە، کە جیاوازی لە نێوان ئەم جۆرەی ئەفسانە و داستاندا چییە.
(ئەفسانەی دڵداری) سێیەمین جۆری ئەفسانەیە لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیە، کە لە بارەیەوە دەڵێت: "ئەو جۆرە ئەفسانەیەیە کە لەسەر دڵداریی نێوان دڵبەر و دڵدار دامەزراوە و کێشەی سەرەکیی ئەفسانەکە عەشق و دڵداری و کێشە و کۆسپ و ڕێگرەکانی پێکگەیشتنی ئەم دو دڵدارەیە: دڵداران زۆر جۆریان هەیە، دڵداریی نێوان کچەپاشا و کوڕەپاشا و کچەهەژار، دڵداریی نێوان کوڕ و کچی نەتەوە و ئایینە جیاجیاکان، دڵداریی نێوان مرۆڤ و پەری و فریشتە و دێو و ئەجندە، کوڕ و کچ لە هەردو لایانەوە، دڵداریی نێوان مرۆڤ و ئەسپ و مار و کۆتر و بۆق و زۆر گیانلەبەر و بەستەزمانی تر"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٩) ئەم جۆرەی ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە ئەوەی لێرەدا باسکراوە لەگەڵ ناوەرۆک و پاڵەوانی ئەفسانەدا نایەتەوە، لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی ئەفسانەکان باسوخواسی بابەتە گرنگ و پڕبایەخەکانی قۆناغە سەرەتاییەکانە و پاڵەوانەکانیشی مرۆڤی ئاسایی و گیانداران نین، بەڵکو خوداوەند و نیوە خوداوەندەکان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن.
بێجگە لەوەش ئەم جۆرە هەم لە حیکایەت هەم لە داستانەوە نزیکە، بەڵام باسی جیاوازی نێوان ئەم جۆرەی ئەفسانە و داستان و حیکایەتی نەکردوە، کە باشتر وابو باسی بکردبایە.
جۆرێکی تری ئەفسانەی کوردی بەپێی دابەشکارییەکە بریتییە لە (ئەفسانەی ژنخواستن)، کە توێژەر لە بارەیەوە دەڵێت: "ئەم جۆرە ئەفسانەیە، جیایە لەگەڵ ئەفسانەی دڵداری، هەرچەندە ئەنجامی زۆر دڵداریی نێو ئەفسانەش پێکگەیشتن و شوکردن و ژنهێنانە: بەڵام مەرج نییە هەمو ژنخواستنی وا هەیە بە زۆری باو و گورزی گران و شیری تیژ و کوشتن و خوێنڕشتنە، چونکە نە کچە ڕازییە و نە باوک و دایک و کەسوکاری و نە وڵات و شارەکەش، کەچی (ژنهێنانێکی بە گێچەڵ) جگە لەوەی زۆربەی جاران کوڕەی ژنهێن ئەو کێشەیە دەنێتەوە، جاری واش هەیە، کە کچی لە پێناو شوکردنی خۆی خوێنێکی زۆر دەڕێژێ و لە زۆر تاقیکردنەوەدا سەردەکەوێ"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٤٩-٥٠) ئەم جۆرەی ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە ناکۆکە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەفسانەکان و زیاتر لە حیکایەتەوە نزیکە، لەبەر ئەوەی هیچ ئەفسانەیەک نییە ناوەرۆکەکەی گوزارشتبێت لە وەها بابەتێک، کە کوڕێک لە ڕەگەزی مرۆڤ تێیدا تەوەری سەرەکی و پاڵەوان بێت، چونکە ڕۆڵی سەرەکی لە ئەفسانەکاندا خوداوەندەکان دەیگێڕن، نەک مرۆڤێکی ئاسایی.
لەلایەکی تریشەوە هیچ ڕونکردنەوەیەکی لەسەر جیاوای نێوان ئەم جۆرەی ئەفسانە و حیکایەت نەداوە، سەرەڕای ئەوەش دەکرێت وەک بەشێک لە ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئایینی و دیاردەکۆمەڵایەتییەکان هەژمار بکرێت، نەک وەک جۆرێکی سەربەخۆ.
جۆرێکی تری ئەفسانەی کوردی بە (ئەفسانەی گەڕان بە دوای بەختدا) ناودەبات، کە لەم بارەوە دەڵێت: "لەنێو ئەفسانە کوردییەکاندا زۆر ئەفسانە هەر لە سەرەتاوە لەسەر گەڕانی پاڵەوان بە دوای بەختدا دامەزراوە، جا ئەم گەڕانە هەر هۆیەکی هەبێ، لە ئەنجامی هەر کێشەیەکەوە سەرهەڵبدا، وەک بە دوای ڕزقی زۆردا بگەڕێ، بە دوای بەختی چاکدا بگەڕێ، بیەوێ چارەسەری کێشەیەک، نەخۆشییەکی گران بکات، گرێی نهێنییەک بدۆزێتەوە، سەرهەڵدەگرێ و دەڕوا، هەمو جارێ: دەگاتە مەبەستی خۆی، بەڵام زۆر جاریش وەک سروشتییەتی ئەفسانە، شتە بەدەستهێناوەکە لە دەست دەدا و ڕەنجبەخەسار و هەناسەسارد دەبێ.

ئەم گەڕان بە دوای (بەخت)ە ش، لەسەرەتادا، واتە لە کۆنەوە و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەفسانەکە، گەڕان بوە بە دوای (خواوەند)دا، چونکە پێشان و لە سەردەمی زۆر خوایی، هەر کێشە و کارێک خوای تایبەتی خۆی هەبوە، جا ئەگەر کەسێک لەو کارە تایبەتەدا کەموکوردتی هەبوایە، پەنای دەبردە بەر خوای تایبەت و داوای چارەسەری کێشەکەی خۆی لێ دەکرد. جا ئەو کێشەیە، نەخۆشی بوایە، وەک گرۆیتی و سەرئێشەی دایم و منداڵنەبون و کەمیی رزق و شکستی بەردەوام و هیی تر، جا ئەم خواوەندە تایبەتانە، لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و ئایینەکان، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام کە دوائایین و بەربڵاوترین ئایینە لەنێوا کورددا، ئەم ناوی خوا و خواوەندە گۆڕاوە بە (بەخت) و هەندێ جاریش بە کەس و شتی تر، وەکو خدری زیندە و جبرەئیل و شێخ و پیر و هەتا(جادوگەر)یش"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٥٠-٥١) ئەم جۆرەی ئەفسانەش لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە و ناچێتە خانەی ئەفسانەوە و لەگەڵ ئەفسانە ناتەبایە و زیاتر لە حیکایەتەوە نزیکە، چونکە ئەفسانەکان باسی کار و چالاکی خوداوەندەکان دەکەن و ئەوەش ڕون و ئاشکرایە کە خوداوەندەکان خۆیان سەرچاوەی هێز و دەسەڵات و قەزا و قەدەر بون و حەوجێی ئەوە نەبون بە دوای بەختدا بگەڕێن. لەلایەکی تریشەوە دەرکەوتنی هەمو ئەو کەسانە و گۆڕانکاری لە پاڵەوانەکانی ئەفسانەدا ئەفسانە لە ئەفسانەیی دەخات و پیرۆزی لەدەست دەدات، کە پیرۆزی یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەفسانە.

هەروەها یەکێکی تر لە گرفتەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە، ئاماژەی بۆ گۆڕانی خوداوەندەکان بۆ جادوگەر کردوە، بەڵام جادوگەر لە جادودا ڕۆڵ دەگێڕێت، کە بابەتێکی جیایە لە ئەفسانە و ناکرێت جادوگەر و پاڵەوانی ئەفسانە تێکەڵی یەکتری بکرێن، نەک ئەوەی جادوگەر ڕۆڵی خوداوەندەکانی ناو ئەفسانە بگێڕێت.

(ئەفسانەی گەڕان بە دوای نەمریدا) یەکێکی ترە لە جۆرەکانی ئەفسانە کە دیاریکراوە و لەبارەیەوە دەڵێت: "هەر بیرۆکەی نەمری بۆ خۆی بیرۆکەیەکی ئەفسانەییە و گەڕانیش بە دوایدا کارێکی ئەفسانەییە. لە نێوان ئەفسانە کوردییەکان، زۆر دەق هەیە، هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە بنیاد نراوە، کە پاڵەوان بە دوای نەمریدا دەگەڕێ، جا هۆیەکە هەر چییەک بێ و پاڵەوانەکە هەر کەسێک بێ. وەکو: میرمح، ئەسکەندەر، خدری زیندو، پیرەژن و ... زۆری تر"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٥١) ئەم جۆرەی ئەفسانەش هیچ کام لە پۆلێنە ناوچەیی و جیهانییەکانی ئەفسانە لەخۆی ناگرن، بێجگە لەوەش لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە ئەوەی ڕون و ئاشکرایە، ئەوەیە یەکێک لە تایبەتمەندییەسەرەکییەکانی ئەفسانە ئەوەیە، پاڵەوانەکەی خوداوەند و نیوەخوداوەندن، بەڵام ئەو کارەکتەرانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆکراوە مرۆڤن، بۆیە دەکرێت مرۆڤ وەکو کارەکتەرێکی لاوەکی بەدوای نەمریدا بگەڕێت لە ئەفسانەکاندا، بەڵام بەو مەرجەی ڕۆڵی سەرەکی هی ئەو نەبێت و پاڵەوان هەر خوداوەندەکان بن.

(ئەفسانەی سڕدۆزی/ گەڕان بە دوای نهێنی) وەکو جۆرێکی تری ئەفسانەی دەستنیشان کردوە، کە لەم بارەوە دەڵێت: "ئەم جۆرە ئەفسانەیەش وەک تایبەتمەندیی خۆی هەر لە سەرەتاوە حەکایەتی ئەفسانەکە لەسەر نەزانینی نهێنییەک و گەڕان بە دوای گرێ و هۆیەکەیدا دادەمەزرێ. ئەم نهێندۆزی و گەڕانەش کارێکی ئاسان نییە و پاڵەوان پێویستی بە پشودرێژی و هێزی بازو و عەقڵی سەر و فرۆفێڵی زۆر هەیە. وەکو ئەفسانەی (سینەم پاشا) ئەو سینەم پاشایەی وەکو کوندەپەپو بەسەر کەلاوەی شارەکەیدا هەڵنیشتوە و نهێنیی خۆی بۆ هەرکەسێ بگێڕێتەوە، پاشان لەسەری دەدا"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٥١) ئەم جۆرەی ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە وەک لێرەدا ئاماژەی بۆکراوە، ئەم جۆرە زیاتر لە حیکایەت نزیکە نەک ئەفسانە، کە لە ناونیشانی دەقەکەڕا دیارە پاڵەوانەکەی پاشایە و پاشاش مرۆڤە، نەک خوداوەند و نیوە خوداوەند کە تەنها ئەوان دەبنە پاڵەوانی ئەفسانە، بۆیە ئەمە دەقێکی ئەفسانەیی نییە.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر وەک ئەفسانەش هەژمار بکرێت، پێویستە بخرێتە پاڵ ئەفسانەی شیکاری و ڕاڤەی دیاردە سروشتییەکان و وەک بەشێک لەم جۆرە سەیر بکرێت، نەک بە شێوازێکی سەربەخۆ.

(ئەفسانەی ئەفراندن) وەکو حەوتەمین جۆری ئەفسانەی کوردی باس دەکات، کە لەم بارەوە دەڵێت: "ئەفسانەکانی ئەفراندن ئەفسانەی زۆر کۆنن و بە زۆر شێوە دەگێڕدرێنەوە و باس لە ئەفراندنی زۆر شت دەکەن. وەکو ئەفسانەی دروستبونی مرۆڤ، ئاژەل، باڵندە، گیا، ڕوەک، درەخت و خێوە، هەروەها، دروستبونی، ئاسمان، مانگ ڕۆژ، ئەستێرە و زەوی، دیسان ئەفراندن و دروستبونی، چیا، دەریا، ڕوبار، ئەشکەوت، زێڕوزیو، ئاسن، ئاو، ئاگر و با و... زۆری تر"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٥١-٥٢) ئەم جۆرەی ئەفسانە یەکێکە لەو جۆرانەی کە لە پۆلێنەکەی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆکراوە و لە دابەشکارییەکەی (میرچا ئیلیادە) و (دکتۆر کریستوفر دەبلیو بلاکوێل) و (چارلس لۆنگ) و (خزعل الماجدی) و (د. محمد عەجینة) هاتوە، کە لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، کە یەکەمین و دیارترینی جۆری ئەفسانەیە، بۆیە پێویست بو وەکو یەکەمین جۆری ئەفسانە بناسێنرابایە نەک حەوتەم، چونکە ئەفڕاندن یەکەمین بابەتە، کە ئەفسانەکان لێی دواون. بەڵام گرفتێکی تری ئەم جۆرەی ئەفسانە ئەوەیە بە هیچ دەقێکی ئەفسانەیی پشتڕاست نەکراوەتەوە و نەسەلمێنراوە.

(ئەفسانەی گیانلەبەران) یەکێکی ترە لەو جۆرانەی کە دەستنیشانی کردوە و لە بارەیەوە دەڵێت: "لە زۆر ئەفسانان گیانلەبەر یان ئەوەتا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و ئەفسانەکە لەسەر ڕۆڵی ئەو بەرانبەر بە مرۆڤ و کەسایەتییەکانی تری نێو ئەفسانە دامەزراوە، یان هەر سەرلەبەر گیانلەبەران ئەفسانەکە بەڕێوەدەبن. لەم جۆرە ئەفسانانەشدا گیانلەبەران زۆر ڕەوشتی چاک و خراپی مرۆڤ لە کار و کردەوەکانیاندا پەیرەو دەکەن و شێوەی سروشتیی خۆیشیان دەپارێزن، ئەگەرچی لە هەندێ ئەفسانەدا، بە تایبەت گیانلەبەران چ بە جادو چ بە هۆیە ئەفسانەییەکانی تر شێوەگۆڕکێ دەکەن و لە کراسێکەوە دەچنە کراسێکی تر. ئەم خۆ گۆڕینە تایبەت نییە بە (گیانلەبەر) بەڵکو زۆر جار مرۆڤیش، بە تایبەت مرۆڤی جادوگەر و بەدکار، ئەو خۆگۆڕییە دەکات و ئەم خۆگۆڕییەش وەک هەمو کارە ئەفسانەییەکان زۆر لە پڕ و کتوپڕ ڕو دەدات"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٥٢) ئەم جۆرەی ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە ناوەرۆک و ناونیشانەکەشی لە حیکایەتەوە نزیکە نەک ئەفسانە، بەڵام ئەوەی باس نەکردوە، کە جیاوازی نێوان ئەم جۆرەی ئەفسانە و حیکایەت چییە، لەلایەکی تریشەوە لە هیچ کەم لە ئەفسانە ڕەسەنەکاندا مرۆڤ و گیانلەبەران ڕۆڵی سەرەکی و پاڵەوانی تێدا ناگێڕن.

(ئەفسانەی لافاو)ی وەکو نۆیەم و کۆتا جۆری ئەفسانە دیاری کردوە، کە لەم بارەوە دەڵێت: "لەنێو کوردان بە زۆر شێوە ئەفسانەی لافاو دەگێڕدرێتەوە، هەروەها زۆر شوێنی جوگرافیی وەکو کانی، ڕوبار، دەریاچە، گوند، شار، شاخ و لوتکە لە کوردستان تێکەڵ بە دەقە ئەفسانەییەکانی لافاو بون و ناو و سیفەتی خۆیان لە ئەفسانەوە وەرگرتوە، چ پێش ڕودانی لافاو، چ لە کاتی ڕودانی، چ لە دوای ڕودان و نیشتنەوەی ئاو و جێگربونی کەشتی و دابەزینی مرۆڤ و زیندەوەرەکان و بوژانەوەی (ژیان)ی نوێی مرۆڤ"(مەولود ئیبراهیم حەسەن، ٢٠٢٠: ٥٢) بێجگە لە دابەشکارییەکەی (دکتۆر کریستوفر دەبلیو بلاکوێل) ئەم جۆرەی ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، بەڵام دەکرێت وەکو بەشێک لە ئەفسانەی ڕوداو و دیاردەسروشتییەکان هەژمار بکرێت، لەلایەکی تریشەوە وابەستەکردنی ئەم جۆرە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو و کانی و ڕوبار و دەریاچەکان ناکۆکە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەفسانەی لافاو، کە بەشێکە لە ئەفسانەی دیاردە سروشتییەکان، چونکە ئەفسانەی لافاو سەرتاسەرییە و هەمو جیهان دەگرێتەوە.

### کێشەی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی لە (توێژینەوە دوەم)دا

ئەوەی گرنگە و جێگای بایەخە ئەم توێژینەوەیە ڕەخنەی لەو دابەشکاریانە گرتوە کە پێشتر بۆ ئەفسانەی کوردی خراونەتەڕو، کە چی سەرەڕای ئەوەش خۆی پۆلێنێکی تری بۆ جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی کردوە، بەڵام پۆلێنەکەی ئەویش کۆمەڵێک کێشە و گیروگرفتی هەیە، کە هەوڵدەدرێت لێرەدا بەوردی ئەو کێشە و گیروگرفتانە دەستنیشان بکرێن.

دەربارەی پۆلێنکردنەکانی پێشتری ئەفسانەی کوردی توێژینەوەی دوەم دەڵێت: "زۆربەی ئەو دابەشکردنانەی تاکو ئێستا کراون – بەپێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە – زۆر فراوان و بڵاون و خوێنەر و توێژەر توشی سەرلێشێوان دەکەن"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٠) ئەم دەربڕینە گوزارشتە لەوەی کە گرفتی دابەشکارییەکانی پێشتر تەنها لە فراوانیاندایە، نەک ئەو جۆرانەی ئەفسانە کە دەستنیشانیان کردون، بەڵام کێشەکە تەنها لەوەدا نییە، بەڵکو ئەوەی کێشەکەی سازاندوە لە دابەشکارییەکاندا ژمارەی جۆرەکان و فراوانیان نییە، بەڵکو بەشێکی زۆر لەو جۆرانەی دەستنیشانکراون ناچنە خانەی جۆرەکانی ئەفسانەوە و هیچ نمونەیەکی ئەفسانەی کوردی لە ئارادانییە بۆ سەلماندنیان.

لەم ڕوانگەیەوە بەپێی گۆشەنیگا و تێگەیشتنی خۆی دابەشکارییەکی تری بۆ جۆرەکانی ئەفسانەی کوردی دەکات و دەڵێت: "لێرەدا پێشنیازی دابەشکردنێکی تر دەکرێ، کە دەتوانێ تارادەیەک زۆربەی هەرە زۆری ئەفسانەکان لە چوارچێوەی سێ تەوەری سەرەکی و جیاوازدا کۆبکاتەوە و جۆرە هەماهەنگی و ڕێکییەک بە دابەشکردنی جۆرەکانی ئەفسانە بدات. ئەویش بریتییە لەم سێ جۆرە سەرەکییەی خوارەوە:

١.ئەفسانەی ئاسمانی واتا جیهانی پێش بونی مرۆڤ

٢.ئەفسانەی زەمینی واتا جیهان لەکاتی بونی مرۆڤ

٣.ئەفسانەی بن دنیا واتا جیهانی دوای بونی مرۆڤ"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٠)

هەر لە چوارچیوەی ئەم بابەتەدا ڕونکردنەوە دەربارەی ئەم پۆلێنکارییە دەدات و دەڵێت: "دەکرێ لەم سێ جۆرە سەرەکییەی ئاماژەی پێدرا، بە جۆرێک سەرجەم ئەفسانەکان پۆلێن بکرێن و هەرکامیان لە ڕیزی یەکێک لەم سێ جۆرە دابنرێن. بۆ نمونە ئەفسانەی ئەفراندن و ئەفسانەی خواوەندەکان لە جۆری یەکەمدا جێ دەگرنەوە"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٠) لەم جۆرانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆکراوە، تەنها ئەفسانەی ئەفراندن دەچێتە خانەی پۆلێنکارییەکەی ئەم توێژینەوەیە و لە دابەشکارییەکانی (میرچا ئیلیادە) و (دکتۆر کریستوفر دەبلیو بلاکوێل) و (چارلس لۆنگ) و (خزعل الماجدی) و (د. محمد عەجینة) هاتوە، هەروەها لایەنێکی باشی ئەم جۆرە ئەوەیە، توێژینەوەی یەکەم لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیدا بە دەق ئەفسانەیی ئەفسانەی ئەفراندنی پشتڕاست کردوەتەوە، بەڵام ئەفسانەی خوداوەندەکان بێجگە لە پۆلێنەکەی (دکتۆر ئەحمەد کەمال زەکی) یەکێک نییە لە هیچ کام لە پۆلێنە ناوچەیی و جیهانییەکانی دیکەی ئەفسانە، کە لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، وێڕای ئەوەش لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەی هەیە، چونکە خوداوەندەکان دەبێت لە هەمو جۆرەکانی ئەفسانەدا هەبن، نەک تەنها جۆرێکی دیاریکراوی ئەفسانە تایبەتبێت بە خوداوەندەکان، لەبەرئەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەفسانە ئەوەیە، دەبێت پاڵەوانەکانی خوداوەند و نیوە خوداوەندەکان بن.

دەربارەی جۆری دوەمی دابەشکارییەکەی دەڵێت: "ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمری و بەخت، ئەفسانەی پێغەمبەران و پیاوچاکان، ئەفسانەی تۆفان، ئەفسانەی چاوەڕوانکردنی ڕزگارکەر، ئەفسانەی میعراج، ئەفسانەی پاڵەوانییەتی و ژنخواستن ئەفسانەی سڕدۆزی، ئەفسانەی گیانلەبەران، ئەفسانەی کاهین و پاشاکان، ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان و ...هتد لە جۆری دوەمدا جێگە خۆش دەکەن"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٠) ئەم جۆرانەی

ئەفسانە لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەیان هەیە، چونکە ئەفسانەی گەڕان بە دوای نەمری و بەختدا پاڵەوانەکەیان مرۆڤە، بۆیە ناکرێت وەک جۆری ئەفسانە هەژمار بکرێن.

هەروەها ئەفسانەی پێغەمبەران و پیاوچاکان و میعراج، ناچنەخانەی جۆرەکانی ئەفسانەوە، چونکە ئەم جۆرە دەقانە دەکەونە دوای قۆناغی فرەخوداوەندی و سەردەمی ئەفسانەیی و پەیوەندیان بە ئایینە ئاسمانییەکان و یەکتاپەرستییەوە هەیە، بۆیە ناکرێت وەکو ئەفسانە تەماشا بکرێن وێڕای ئەوەش یەکێک نین لەو جۆرانەی ئەفسانە کە لەم توێژینەوەیەدا دەستنیشان کراون و لە هیچ کام لە دابەشکارییەکانی تریشدا نەهاتون.

لەلایەکی تریشەوە (ئەفسانەی پاڵەوانییەتی و ژنخواستن و ئەفسانەی سڕدۆزی، ئەفسانەی گیانلەبەران، ئەفسانەی کاهین و پاشاکان) ناچنە خانەی جۆرەکانی ئەفسانەوە، چونکە پاڵەوانەکانیان مرۆڤ و گیاندارانن و ناکۆکە لەگەڵ پاڵەوانی ئەفسانە،کە خوداوەند و نیوەخوداوەندن.

سەرەڕای ئەوەی ڕونکردنەوەی دەربارەی (ئەفسانەی مردن و کۆتایی جیهان)یش نەداوە، چونکە ئەگەر ئەم جۆرە پەیوەست بێت بە قۆناغی ئەفسانەیی و سەرەتایی و فرەخوداوەندی دەکرێت وەک بەشێک لە ئەفسانەی دوارۆژ لێی بڕوانرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕو، بەڵام بەو مەرجەی ناوەرۆکەکەی وابەستەنەبێت بە ئایینە ئاسمانییەکانەوە.

دەربارەی جۆرەکانی ئەفسانەی گروپی سێیەم دەڵێت: "ئەفسانەی دوارۆژ و زیندوبونەوە، ئەفسانەی چارەنوسی مرۆڤ دوای مردن، ئەفسانەی پەڕینەوە لە پرد، ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخیش لە ژێر سەیوانی جۆری سێیەمدا ئارام دەگرن"(فەرهاد عەزیز خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٠) هەروەها ئەم جۆرانەی ئەفسانەش لە ڕوی ناوەرۆکەوە کێشەیان هەیە، چونکە ڕونکردنەوە لەسەر ناوەرۆکی ئەم جۆرانە نەدراوە و ڕون نییە مێژوی ئەم دەقانە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر ئەم جۆرانە مێژوەکەیان بگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکان و پێش دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان، دەکرێت وەکو بەشێک لە ئەفسانەی دوارۆژ هەژمار بکرێن، کە لە پۆلێنی ئەم توێژینەوەیەشدا بونی هەیە، بەڵام کە بابەتەکانیان پەیوەست بێت بە ئایینە ئاسمانییەکان و یەکتاپەرستییەوە، ناچنە خانەی ئەفسانەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانی و یەکتاپەرستییەکان کۆتایی بە قۆناغی ئەفسانەیی هاتوە.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە بێجگە لە ئەفسانەی ئەفراندن و خوداوەندەکان هەمو ئەو جۆرانەی تری ئەفسانە، کە لە پۆلێنی توێژینەوەی یەکەم و دوەمدا هاتون بەشێک نین لە پۆلێنی ئەم توێژینەوەیە و ناچنە خانەی هیچ کام لەو پۆلێنە ناوچەیی و جیهانیانەی ئەفسانە، کە لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان بۆکراوە، هەرچەندە دۆزینەوەی جۆرێکی نوێی ئەفسانە، کە لە پۆلێنەکانی پێشتردا ئاماژەی بۆنەکرابێت و توێژەر و لێکۆڵەرانی تری ئەم بوارە درکیان پێ نەکردبێت، دەبێتە داهێنان و جێگای دەستخۆشییە، بەڵام ئەم جۆرانەی ئەفسانە بە هیچ دەقێکی ئەفسانەیی پشتڕاست نەکراونەتەوە و وەکو جۆری ئەفسانە نەسەلمێنراون.

**ئەنجام**

١- لە کۆی نۆ جۆر، کە لە توێژینەوەی یەکەم وەکو جۆری ئەفسانەی کوردی دەستنیشانکراون هەشت دانەیان بەشێک نین لە پۆلێنەکەی ئەم توێژینەوەیە و ناچنە خانەی هیچ کام لە پۆلێنە ناوچەیی و جیهانییەکانی ئەفسانە، کە لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، بەڵام چونکە ئەم جۆرانەی ئەفسانە بە هیچ دەقێکی ئەفسانەیی پشتڕاست نەکراونەتەوە و نەسەلمێنراون، وەکو داهێنان و جۆرێکی نوێی ئەفسانە لێیان ناڕوانرێت.

٢- لە دابەشكارییەكەی توێژینەوەی یەكەمدا تەنها ئەفسانەی ئافراندن یەكێكە لە ئەو جۆرانەی ئەفسانە كە ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانی كردوە و لە دابەشكارییەكەی (میرچا ئیلیادە) و (دكتۆر كریستوفر دەبلیو بلاكوێل) و (چارلس لۆنگ) و (خزعل الماجدی) و (د. محمد عەجینة) هاتوە، كە لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو، كە یەكەمین و دیارترینی جۆری ئەفسانەیە، بۆیە پێویست بو وەكو یەكەمین جۆری ئەفسانە بیناسێنرابایە نەك حەوتەم.
٣- ئەو جۆرانەی ئەفسانە كە لە پۆلێنەكەی توێژینەوەی یەكەمدا باسكراون، بۆ سەلماندنی زۆربەیان نمونەی دەق ئەفسانەیی بەردەست نییە و نەخراوەتە ڕو، یاخود ئەو دەقانەی بۆ بەڵگەمەندكردنی جۆرەكان وەكو دەقی ئەفسانەیی پشتیان پێبەستراوە تایبەتمەندییەكانی دەقی ئەفسانەییان تێدانییە و ناچنەخانەی دەقی ئەفسانەییەوە و حیكایەتن.
٤- لە دابەشكارییەكەی توێژینەوەی دوەمدا لە كۆی هەژدە جۆر، كە وەك جۆری ئەفسانە دەستنیشانكراون، تەنها ئەفسانەی ئافراندن یەكێكە لە ئەو جۆرانەی ئەفسانە، كە ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانی كردوە و لە دابەشكارییەكەی (میرچا ئیلیادە) و (دكتۆر كریستوفر دەبلیو بلاكوێل) و (چارلس لۆنگ) و (خزعل الماجدی) و (د. محمد عەجینة) هاتوە، بەڵام حەڤدە جۆرەكەی تریان بەشێك نین لە پۆلێنەكەی ئەم توێژینەوەیە و ناچنە خانەی هیچ كام لە پۆلێنە ناوچەیی و جیهانییەكانی ئەفسانە، كە لەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕو.
٥- توێژینەوەی دوەم هیچ ڕونكردنەوەیەكی لەسەر ناوەرۆكی (ئەفسانەی دوارۆژ و زیندوبونەوە، ئەفسانەی چارەنوسی مرۆڤ دوای مردن، ئەفسانەی پەڕینەوە لە پرد، ئەفسانەی بەهەشت و دۆزەخ) نەداوە و هیچ دەقێكی ئەفسانەی نەخستوەتەڕو بۆ سەلماندنیان، هەروەها ڕون نییە مێژوی ئەم دەقانە بۆ كەی دەگەڕێتەوە، چونكە ئەگەر ئەم جۆرانە مێژوەكەیان بگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەكان و پێش دەركەوتنی ئایینە ئاسمانییەكان دەكرێت هەر بەشێك لەوانە یان وەكو جۆرێكی ئەفسانە یان وەكو بەشێك لە ئەفسانەی دوارۆژ هەژماربكرێن كە لە پۆلێنی ئەم توێژینەوەیەدا بونی هەیە، بەڵام كە بابەتەكانیان پەیوەست بێت بە ئاینە ئاسمانییەكان و یەكتاپەرستییەوە ناچنە خانەی ئەفسانەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەركەوتنی ئایینە ئاسمانی و یەكتاپەرستی كۆتایی بە قۆناغی ئەفسانەیی هاتوە.

**سەرچاوەكان:**


ئەلسەواح، فیراس (٢٠٢٢)، ئایینی مرۆڤ، و: خەسرەو مەحمود میراودەلی، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

السواح، فراس (٢٠٢١)، سەركێشی یەكەمی ئەقڵ (لێكۆڵێنەوەیەك لە ئەفسانە. سوریا و میسۆپۆتامیا)، و: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانی تاران، چ١، سلێمانی.

حاجی، ئارام (٢٠١٥)، ئەفسانە و ئایین و زانست، هاوژینی مەلائەمین، هۆشمەن جەلال، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٢٠)، پێكهاتەی ئەفسانەی كوردی، چاپخانەی تاران، چ١، سلێمانی.

خۆشناو، فەرهاد عەزیز (٢٠١٣)، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی كوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەكان، چاپخانەی حاجی هاشم، چ١، هەولێر.

كومن، فرانتس (٢٠٠٨)، نهێنییەكانی ئایینی میترایی، و. فەرهاد عەزیز خۆشناو، دەزگای موكریان، چ١، هەولێر.

میراودەلی، خوسرەو (٢٠١٦)، ئەفسانە و مەعریفە، دەزگای چاپ كتێبخانی نالی، چ١، سلێمانی.

موكری، كامەران (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، چ١، هەولێر.

زەبیحی، عەبدوڕەحمانی (١٣٦٧)، قاموسی زمانی كوردی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، سنە.

مردوخی، محمد ماجد (١٣٩٢)، فەرهەنگی دانشگاه كردستان، بڵاوكراوەی دانشگاهی كوردستان، جلد١، چ٢، سنە.

مردوخی، محمد (١٣٨٨)، فەرهەنگی مەردۆخ، لێكۆڵینەوە و ئامادەكردنی ڕەئوف ڕەهنمون، خانەی بڵاوكردنەوەی پرتەوبەیان، (٢گ).

ابراهیم، نبیلة (د)(١٩٧٤)، اشكال التعبیر فی الادب الشعبی، ط١، دار النهضة، القاهرة.

ابراهيم، نبيلة (١٩٧٩)، الاسطورة، الموسوعة الصغيرة (٥٤)، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، الجمهورية العراق.
السواح، فراس (١٩٩٨)، دين الانسان، بحث في ماهية الدين و منشا الدافع الديني، مشورات دار علاء الدين، ط٣، سوريا، دمشق.
الماجدى، خزعل (٢٠١٠)، المثولوجيا المندائية، دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، سورية – دمشق.
حمد، عبدالله خضر(د) (؟)، مناهج النقد الادبي الحديث، دار الفجر للنشر و التوزيع، اربيل – العراق.
زكي، احمد كمال(د) (١٩٨٢)، الاساطير دراسة حضارية مقارنة، دار العودة، ط٢، بيروت.
لونك، جارلس، علم الاساطير، ترجمة: مجيد الماشطة، مجلة فيصل: عدد٢٦٥، ١٩٩٨.
عجينة، محمد (١٩٩٤)، موسوعة اساطير العرب الجاهلية و دلالاتها، جلد١، دار الفارابي، بيروت، لبنان.
ابولقاسم اسماعيل پور (١٣٩٩)، اسطوره، بيان نمادين، چاپ ششم، كتابخانه ملی ايران، تهران.
ابوالقاسم اسماعيل پور (١٣٩٨)، اسطوره، ادبيات و هنر، چاپ دوم، چاپ: دالاهو، خيابان كريم خان زند، تهران.
الياده، ميرچا (١٣٩٠)، اسطوره بازگشت جاودانه، ترجمه بهمن سركاراتی، انتشارات طهوری، چاپ سوم، تهران.
روشن رحمانی (١٣٨٠)، افسانههای مردم فارسی زبان، شيراز.
فروشی، دكتر بهرام (١٣٤٦)، فرهنگ فارسی به پهلوی، موسسة انتشارات دانشگاه تهران، چاپ چهارم، تهران.
ميليكشيويلی، گئورگی (١٣٨٧)، زبان اورار تو، ترجمه: حميد بحرانيان، انتشارات پازينه، چاپ اول، تهران.
نضال صالح (١٣٩٧)، اسطورهگرايی در رمان معاصر عربی، و: محمد عامر تبار، چاپ اول، خيابان انقلاب، تهران.
مصطفی باباخانی (١٣٨٩)، اسطوره در شناخت ادبيات، ١٣٨٩، سال ٣، شماره ١١ و ١٢.
Blackwell, Dr. Christopher W. - Amy Hackney (2002), Mythology, for DUMMIES, Publisher: Wiley.

پەراوێزەکان

1 . ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەر و سەرچاوەکانی بواری ئەفسانەناسی، ئەفسانەیان وەکو ژانری ئەدەبی ناساندوە، بۆنمونە: "جیمزفرێزەر لە کتێبی چڵەی زێریندا، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بڵاوی کردەوە، ئەفسانە و ڕێوڕەسمەکۆنەکانی وەکو بەرهەمی ئەدەبی شیکردوەتەوە"(ابولقاسم اسماعیل پور، ١٣٩٩: ٥٩ -٦٠) هەر لەم چوارچێوەیەدا "بەشی سێیەمی تیۆرەکەی نۆرترۆپ فرای تایبەتە بە ژانرەئەدەبییەکان و ئەفسانەی وەکو جۆر و ژانرێکی سەربەخۆی ئەدەبی هەژمار کردوە"(ابوالقاسم اسماعیل پور، ١٣٩٨: ٣٨) کە هەر یەک لە توێژەران (نضال صالح) و (ابوالقاسم اسماعیل پور) و (مصطفی باباخانی) و (روشان ڕەحمانی) پشتگیری ئەم ڕایە دەکەن و دەڵێن: ئەفسانە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە.(نضال صالح، ١٣٩٧: ٢٥)، ابوالقاسم اسماعیل پور، ١٣٩٨: ٧)، (مصطفی باباخانی، ١٣٨٩: ٢٣)، (روشن رحمانی، ١٣٨٠: ٧٦ – ٨٢) بۆیە دەتوانرێت بگوترێت نەک ئەفسانە و ئەدەب لە پەیوەندییەکی بەردەوامدان، بەڵکو ئەفسانە خۆی ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە و لە ئەدەب جیاناکرێتەوە.

٢. ئەم جۆرەیان ناوەرۆکەکەی باس لە چۆنیەتی پێکەوەگرێدانی جیهان و ئاسمان و دەریا و جیهانی ژێرزەوی دەکات لەگەڵ باسکردنی شێوازی خولانەوەی زەوی و مانگ و خۆر بەدەوری خۆیاندا.